Worker-communist Party of Iraq
Abroad Commit

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق
کۆمیتەی دەرەوەی وولات

# بانگەوازێک بۆ هەموو ناوەندو کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە سیاسیەکان لەدەرەوەی وولات

**با یادی کیمیابارانی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال**
**بکەینە ڕۆژی بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

ڕۆژی 16-3 یادی کیمیابارانکردنی کردنی هەڵەبجەیە. یادی تراجیدیایەکی گەورەی ژیانی خەڵکی کوردستانە. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەو تاوانە نائینسانیە بوو کە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان، پلەدوویی و ژێرپێنانی سادە ترین مافەکانی ئەم خەڵکەی لە لایەن دەسەڵاتی ناسیونالیزمی عەرەبەوە لە عیراق بە دڕندانە ترین شێوە بەرجەستە کردەوە.

بەڵام یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە و بیرهێنانەوەی هەموو ئەو تاوان و کوشتارەی بە درێژایی چەند دەیە بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجام دراوە، نابێت ئازارەکانی ئەم ڕۆژگارە و ئەو مەترسیانەی ئەمڕۆ هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی مەرگەساتەکانمان لێ دەکات بیر بەرێتەوە.

کوردستان سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە 16 ساڵە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەمریکا و سیاسەتی بەستنەوەی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە نەخشەکانی ئەمریکاوە لە چاوەڕوانی و سەرگەردانیدا هێڵراوەتەوە. ئەمڕۆ لە سایەی هەمان سیاسەتدا بەرەو گرێدانەوە و مولحەقکردنەوە بە دەوڵەتیکی عروبی ئیسلامی دەبرێت. یادی هەڵەبجە ڕۆژی نارەزایەتی نیشاندانە بەرامبەر بەم سیاسەتە.

کارەساتی هەڵەبجە، تەنها نموونەیەک لە دڕندەیی ناسیۆنالیزم و قەومپەرستی نییە، هەڵەبجە سیمبولی ریاکاری و دووڕوویی غەرب و ئەمریکایە بەرامبەر کێشەی خەڵکی کوردستان. هەڵەبجە ڕەمزی بێ دەنگی بەڵکو هاوکاری کردنی ئەمریکا و غەربە لەو تاوانانەی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کراون. لە ڕۆژگارێکدا کە ئەم دووڕوویییە خەریکە هەمان ئەم خەڵکە، تەواو بە پێچەوانەی مەیل و ئارەزوی خۆیانەوە، بەرەو ناو زەلکاوی جەنگ و ململانێی قەومی و تائیفی و ئایندەیەکی نادیار دەبات، یادی هەڵەبجە پێویستە ڕۆژی نا ووتن بێت بەم سیاسەتە.

با یادکردنەوەی هەلەبجە ڕۆژی بەرجەستەکردنەوەی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتی یەکگرتوو لە پیناوی ئەو خواستانە بیت.

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46736896777

## ڕیکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە ناوەندە جەماوەری و سیاسیەکان ئینساندۆستان و ئازادیخوازان

با ڕۆژەکانی 16 و 17ی مارس بکەینە ڕۆژی بەڕیخستنی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە دەرەوەی وولات.
بەشداری هەموو ئیوە لەو ئاکسیۆنانەدا بیگویدانە بیروڕای سیاسی و فکری و حزبی دەتوانیت هیزیکی کاریگەر بۆ پشتیوانی لە خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کودستان و خواستە ئابوری و ڕەفاهیەکانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وولات بهێنێتە مەیدان، هاوکات دەتوانی سەرەتای ریگایەکی خەباتکارانە بیت بۆ بەرگرتن بە دوبارە لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقی ئیسلامی- قەومی عروبیەوە.

**ئیمە لە کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بانگەوازتان دەکەین بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش لە پیناوی یادکردنەوەی هەلەبجە وەک ڕۆژێک بۆ بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەنگاویکی تر بۆ هێنانە مەیدانی جوولانەوەیکی جەماوەری و سەرتاسەری بۆ ئەم خواستە.**

**کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**
07–01–19

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46736896777